سودانی وەندەلاوی پتەوکردنی هاریکاری نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان تاوتوێ دەکەن



محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیران و موحسین عەلی مەندەلاوی جێگری یەکەمی سەرکی پەرلەمان، ئەمڕۆ چوارشەممە تاوتوێی پتەوکردنی هاوکاری نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانیان کرد.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرکی ئینجومەنی وەزیران لەڕاگەیندراوەکدا کەدستی موتتبع کوتووە بڵاویکردەوە"سەرکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ چوارشەممە، پێشوازی کرد لە جێگری یەکەمی سەرکی پەرلەمان بەڕێز محسن عەلی مەندەلاوی.

وتیشی لە میانەی دیدارەکدا تیشک خرایە سەر بەرزکردنەوەی هاریکاری نێوان هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان بۆ پێشخستنی بەرنامەی حکومەت و گرنگیشتن بە ئامانجەکانی، لەگەڵ پاڵپشتیکردنی حکومەتەوە بۆ دڵنیابوون لە بەدیهێنانی خواستەکانی هاوڵاتیان لە سەرانسەری عێراقدا.

هەروەها جەختیان لەسەر گرنگی هاوکاری و هەماهەنگی نێوان لایەنە سیاسییە نیشتمانییەکان کردەوە، بۆ جێبەجێکردنی شایستەکانی داهاتوو، لەوانە ڕێکخستنی لووتکەی عەرەبی لە بەغداد لە مانگی داهاتوو و ئامادەکردنی سەرجەم پێداویستییەکان بۆ ئینجامدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان، بەشێوەیەک بەشدار بێت

لۆ بەردەوامی سەقامگیری و بەرەوپێشبردنی پڕۆژەکانی گەشەپێدان و خۆشگوزەرانی وەاتدا.